کاکەییەکان کێن؟

زنجیرە وتاری مێژوویی

ئازاد کەریمی

مافەکانی ئەم کتێبە پارێزراوە بۆ نووسەرەکەی

کاکەییەکان بە کۆمەڵە خەڵکێکی کورد دەڵێن کە بە گشتی بە "یارسان" بەناوبانگن و لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەژین. پێشترلە بابەتێکدا وا لە شوێنێکی دیکەدا بڵاو کراوەتەوە باسی ئەوەم ڕاشکاوانە کردوە کە یارسانەکان موسڵمان نین و هیچ جۆرە پێوەندییان لە گەڵ ئیسلامدا نیە. دیارە بەڵگەم بە دەستەوەیە بۆیە بوێرانە و بە ڕاشکاوی دەڵێم یارسان هیچ جۆرە پێوەندییەکی کولتووری و شەرعی لەگەڵ ئیسلامدا نیە.

لە کولتووری ئیسلامیدا کە پەرتووکی پیرۆزی موسڵمانەکان واتە قورئان نوێنەرایەتی دەکات، باسی چەند ئایینی وەک جوولەکەگەری، فلایەتی، گاورایەتی و مەندابیگەری کراوە و ئەوانی بە ئایینی سەربەخۆی نائیسلام ناساندوە. هەروەها پەرتووکە پیرۆزەکەیانی شیاوی ڕێز لەقەڵەم داوە. لە ئیسلامدا شوێنی پەرستن و پاڕانەوە ئایینیەکانی خۆی و ئەو چەند ئایینەی دیکە ناسێندراون و بۆ وێنە ناوی مزگەوت و کەنیسە و کلیسە، ئاگرگە و دێرهەڵدەدات وتەنانەت ئەو مافە بە خۆی دەدات ئامۆژگاری لایەنگرانی خۆی بکات و ئاگاداریان بکاتەوە کە نابێ ناموسڵمانەکان بچنە مزگەوتەوە لەبەر ئەوەی ئەوانەی موسڵمان نین بەگوێرەی بڕیاری شەرعی ئیسلام کە سەرچاوەکەی پەرتووکی قورئانە و ئەویش وتە و ڕاسپاردەی خودایە و قسەی خوداش درۆ یان هەڵەی تێدا نیە ئەوەی دانپێدانان بە محەمەد پیەغەمەری موسڵمانەکاندا نەکات دیارە کافر واتە دوژمنی خودایە وهەرکەس دژایەتی خودا بکات "نەجێس" واتە "پیس"ە هەر بۆیە مزگەوت شوێنی پیسەکان نیە و بەڵام ئەو کافرانە دەتوانن ساڵانە باج بدەن بە خەلیفە یان نوێنەرانی ئایینی تاکوو گیان وماڵیان پارێزراو بێ.

خاڵی سەرنجڕاکێشی دیکەش ئەوەیە ئیسلام ئایینێکی"تەبشیری" واتە مزگێنی بەخشە و بە ئاشکرا خەڵک بانگهێشتی ملکەچ بوون بە ڕێنماییەکانی قورئان دەکات و لاری لەوە نیە هەر کۆسپ و تەگەرەیەک لەسەر ڕێیدا پەیدا ببێ ململانێی لەگەڵدا بکات. یەکێ لە ئامرازەکانی مزگێنی بەخش بوونی ئەم ئایینە "اذان" یان بانگ دانە، واتە ئەو ڕێ و ڕەسمەی وا هەموو ڕۆژێ پێنج جاران لە مزگەوتەکانەوە بە دەنگی بەرز و ئاشکرا بڵاو دەکرێتەوە تاکوو بزانرێ کاتی نوێژکردنە و لایەنگرانی ئیسلام ئەرکی ئایینیی خۆیان بەجێ بگەیێنن و ڕەوشتی محەمەد، پێغەمەرەکەیان بەڕێوە ببەن. لەلایێکی

دیکەوە حەج کردن یان سەردان کردنی گەورەترین پەرستگەی موسڵمانەکان لە وڵاتی سعودی کە زێدی ئایینی ئیسلام و محەمەد پیەغەمەری موسڵمانانە، یەکێک لە ئەرکەکانی هەر موسڵمانێکە...

لە ساڵی ٦٣٤ی زایینیدا کاتێ محەمەد کۆچی دوایی کرد و جێگرەکەی ئەبوبەکر بڕیاری دا شەڕ لە دژی خەڵکی دەرەوە بکرێ بۆ ئەوەی محەمەد لە کاتی خۆیدا نامەی ناردبوو بۆ وڵاتی خەسرەوانی ساسانی، وڵاتی وێرقوڵی مسر و شام و سێزاری ڕووم و داوای لێکردبوون ببن بە موسڵمان. ئەوانیش ئەو داواکاریەیان ڕەت کردبوو... دیارە موسڵمانەکان ئەمەیان بە ڕەت کردنەوەی داواکاری خودا لەقەڵەم دابوو، هەربۆیە بە گوێرەی بڕیاری قورئان لەسەر هەموو موسڵمانێک ئەرک بووشەڕی ئەو کەسانە بکەن وا ئیسلام پەسەند ناکەن. ئەو کارەشیان کرد و ساڵانێکی زۆر لە ئاسیا و ئەورووپا و ئەفریقا بەرەوڕووی هەموو ئایینەکانی وەک مەزداپەرستی (لایەنگرانی پیەغەمەر زەردەشت)، میتراپەرستی (لایەنگرانی ئایینی خدر ئێل خاس)، مەندایيگەری(لایەنگران پیەغەمەر یەحیا)، جوولەکەگەری (لایەنگرانی پیەغەمەر مووسا)، فلایەتی (لایەنگرانی پیەغەمەر عیسا)، زوروانیگەری (لایەنگرانی پیەغەمەرمانی)، بەدینان (لایەنگرانی پیەغەمەر مەزدەک)، بودایيگەری و هیندوویسم بوونەوە و بە زنجیرە کوژتارە ئایینیەکانی خۆیان دەگوت "فتوحات و غەزەوات" واتە کرانەوەی دەروازەی وڵاتی ناموسڵمانان و شەڕدژی کافرەکان...
هۆکاری سەرکەوتنی ئیسلام لەم شەڕە ئایینیانەدا هەبوونی سەرچاوەی مادی ودارایی وڵاتی ساسانی وڕۆمای ڕۆژهەڵات و پاشان شام و دواتر ئیسراییل و مسر بوو، دیارە کوردستان لەو سەردەمەدا خاوەنی شەش پاشایەتی بوو کە خۆیان دابووە پاڵی ڕۆما وساسانییەوە و ئەوانیش بە لەناوچوونی دەسەڵاتی ساسانی لە بابل ودەسەڵاتی ڕۆما لە ئورشەلیم و ئەسکەندەریە دوای شەڕ و نواندنی ئازایەتیەکی بێوێنە لە شارەزوور، هەمەدان و کەرکوک، پژدەر، هەولێر، ئامەد، نسێبین، جزیر و شارەکانی دیکەی کوردستان لە هەمبەر ئیسلام هێدی هێدی هێزی بەرگرییان لە دەستدا و کولتوری ئیسلام ڕاخوشییە ناو جمگەکانی کۆمەڵگەی کوردی و ئەو شارستانیەتە کۆنانەی وا هەزاران ساڵ بوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ژیانیان دەکرد و خاوەنی سامان و دارایيەکی یەکجار زۆری مادی و ئینسانی وکولتووریی بوون و هەمووی کەوتە دەستی فەرهەنگی تازەباوی ئیسلام وا لە مەکە و مەدینەی نیوەدورگەی عەرەبیدا سەری هەڵدابووسەرەتا دەیویست خەڵک بەرەو مەعنەویات ببات و دواتر وەک ئامرازێکی دەستاوێژ، بەشێوازێکی بێوچان خەریکی کۆکردنەوەی کلیلی خەزێنە وبارخانەی شارەکانی دنیا بوو، هەربە هۆی هەبوونی دارایی و سامانی بێبڕانەوەی ئەو وڵاتانەشەوە بوو خەڵکی دەکرد بە غازی و موجاهد و شەڕی پێدەکردن و ڕێگەشی پێدابوون لەگەڵ ئەو خەڵکانەی وا شەڕیان لەگەڵ دەکەن جیهاد واتە شەڕ بۆ خودا بکەن ومافی ئەوەیان هەبوودژبەرەکانیان بکوژن، ژن ومنداڵیان بەدیل

بگرن و خان و مانیان داگیر بکەن، کچەکانیان بفرۆشن بە کەنیزیی و کوڕەکانیان بکەن بە قولە... دیارە مافی ئەوەشیان بوو بە موتعە کەڵکیان لێ وەربگرن... واتە وەک ئامرازی سێکس چێژیان لێوەر بگرن. ئەوەی لە کەرکووک بەسەر فلاکان هات وبە ماجەرای کەنیسەی سوورناوبانگی دایەوە ڕاستیی دڵڕەقی سوپای غازییە موسڵمانەکان دەدرکێنێ وا لە کوردستان دەستیان لە کوشتن و سەربڕین و تاڵان کردن نەپاراست.

ڕووداوەکە بەم جۆرەیە: دوای داگیرکردنی کەرکووک لە لایەن غازییە موسڵمانەکانەوە چونکە ئەو شارە بەشەڕ گیردرا و خەڵکەکەشی حازر نەبوون ببن بە موسڵمان و ئامادەش نەبوون خۆبدەن بەدەستەوە و جزیە بدەن، دەهەزار کوردی مەسیحی لە گوێبانی ئەم کلیسەدا پاڵخران و سەریان بە شیروتەور لێکرایەوە و خوێنەکەیان بە دیواری کلیسەکەدا شۆڕ بوەوە و هەربۆیە کلیسەی سپی بە کلیسەی سوور ناوبوێرکرا.یان لە ئامەد کاتێ خالید کوڕی وەلید دوای شەش مانگ گەمارۆدانی ئەم شارە توانی ڕیبخاتە دیواری گەورە واتە "سوور" و غازییەکان دزەیان کردە ناو شار،ئەوەندەی کوردی فلا و جولەکە و میترایی کوشت کە دەجلە لە خوێندا سووربوو.هەروەها لە نسێبین و حەران شاری چەندهەزارساڵەی پیرۆزی کوردان کە شوێنی سەرهەڵدانی پیەغەمەر ئیبراهیم و ئایینی میترایی بووخەڵکێکی زۆری کورد کوژران و لەناوچوون و "دزمە"و پەرستگەکانیان لە خوێنی موغان ولایەنگرانیان ڕەنگین کرد.ئەوەی پەرتووک و ئامرازی پیرۆز و نووسراوە و تۆماری ئایینی و مێژوویی و فەلسەفی و ئەستێرەوانی بوو تاڵان کرا و سووتێنرا...

ئەمەش هەڵسوکەوتی لایەنگرانی ئایینێک بوو وا خۆی بە ئایینی مودت و رحمت واتە خۆشەویستی وبەزەیی پێناسە کردبوو، واتە ئایینی ئیسلام وا دەیویست هەموو شت ڕادەست و گوێلەمست و ملکەچی بڕیارەکانی ئەو ببێ.

١٥ی مای ٢٠١٦

پاش ئەوەی هاژە و خرۆش و هورووژمی خولی یەکەمی فتوحات و غەزەوات دوای تێرۆرکردنی خەلیفەی دووهەم (عومەرلە لایەن نۆموسڵمانێکەوە وا پێشتر سەرکردەیەکی گەورەی سوپای ساسانی بوو دواتر لە شەڕی قادسیەدا بە دیل گیرابوو دوایی ببوو بە موسڵمان و لە کۆتاییدا لە پەرستگەی موسڵمانان واتە مزگەوت و لەکاتی نوێژدا بە کاردێکی سێ سەر، هەناوی عومەری بڕی و کۆتایی بە ژیانی هێنا) دوایی هات، بۆ ماوەیەک گڕوپفی داگیرکردن و فتوحات و غەزەوات نیشتەوە وبە هۆی دەوڵەمەندبوونی کوت و پڕی خەڵکەوە کە لە تاڵانکاری وڵاتانەوە دارایییەکی زۆر کەوتبووە مستیانەوە، گەندەڵی و چەندبەرەکی و خۆخۆری ڕووی تێکردن و خەلیفەی سێهەم واتە عوسمان بە تاوانی گەندەڵی و خزمێنەکاری لە بەڕێوەبەری دەزگا ودیواندا لە لایەن موسڵمانەکانەوە کوژرا و، دواترخەلیفەی چوارەم واتە عەلی بە هۆی بڕیارەکانی سەبارەت بە فەرمانڕەواکردنی بکوژەکانی عوسمان لە شام و مسر (یەک لەوانە محەمەد کوڕی ئەبوبەکر یەکەم خەلیفە بوو لە پاش کوشتنی عوسمان لە ماڵەکەی خۆیدا لە لایەن عەلی یەوە کرا بە فەرمانداری مسر)، شەڕی ناوخۆیی لە ناوپایتەختی دەسەڵاتی ئیسلامدا سەری هەڵدا وعەلی بە بیانووی شەڕ لەگەڵ دوژمنەکانی- ئایشێ ژنی محەممەد لە باشووری مێزۆپۆتامیا و مەعاویە لە شام- ڕووی کردە وڵاتی ساسانی واتە بابل کە خاوەن سامانی فراوانی مرۆڤی و دارایی بوو. لەوێ ئاسانتر دەتوانرا خەڵک بۆ کاری شەڕ ولەشکرداری ئامادە بکرێ...

عەلی پێویستی بە سەرباز بوو کە شەڕی بۆ بکەن دژ بە مەعاویە وا دەسەڵاتی عەلی ڕەت دەکردەوە و حازرنەبوو دەسەڵاتی بیست ساڵەی خۆی لە شام و ئیسراییل ڕادەستی کەسێکی دیکە بکات وا عەلی دەسنیشانی کردبوو... خەڵکێکی زۆر لە بابل (کە پێشتر بە ئوروک پایتەختی سومەریەکان واتە یەکەم دەوڵەتی کوردیی کۆن لە باشووری مەزۆپۆتامیا دەناسرا) بە هۆی کرداری توند و تیژ و خۆپێزلانەی

عەرەبە موسڵمانەکانەوە لە کاتی فتوحاتدا، داخلەدڵ و ڕقەستوربوون بە دڵ و بەگیان ڕوویان کردە عەلی تاکوو لە عەرەبکوژان واتە شەڕی ناوخۆیی عەرەبەکان وا لە نێوان دوو ڕقەبەری خەلافەت و دەسەڵاتی ئیسلامیدا دەستی پێکردبوو، بەشداری بکەن. کوردەکان زیرەک بوون، دەیانزانی عەلی لە لایەن زۆربەی هەرە زۆری عەرەبەکانەوە کەسێکی نەویست و ناحەزە و بەهۆی هەڵوێستەکانیەوە خۆشەویستی موسڵمانەکان نیە وهەربۆیە پایتەختەکەی هێناوەتە نزیک خاکی کوردستانەوە و دەزانێ کوردەکان هیچ کات پڕبەدڵ ئیسلامیان خۆشنەویستوە ولە بیست ساڵەی دەسەڵاتی ئیسلام لە بابل دا،گەورەترین دوژمنی غازیەکان بوون.

دوور لە هێژایی هزروبیرە ئەگەربگوترێ عەلی خەلیفەی چوارەم ئاگای لە پاڵنەری دەروونیی ڕاستەقینەی کوردەکان نەبووبێ سەبارەت بەوەی ئامادەبوون لە پێناو ئەودا، کە پیاوێکی موسڵمان بووهەروەها جێگری کەسانێ بوو وا بڕیاری شەریعەت و یاساکانی قورئانیان بە وردی پەیڕەو دەکرد شەڕبکەن و خۆبە کوشت بدەن ولە ڕاستیشدا عەلی بەنیاز بوو یەکاویەکی یاساکانی شەریعەت لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا جێبەجێ بکات، بەڵام کوردەکان بۆعەلی ئامرازی گەییشتن بە ئامانجەکانی بوو، هەروەها عەلی هەمان دەوری بۆ کوردەکان دەگێڕا کە دەیانویست تۆڵە لە ئیسلام وغازیەکان بکەنەوە... غازییەکان کێ بوون؟ ئەوکەسانەی وا لە وڵاتێکی دوورەوە هاتبوون و بە زمانێکی دیکە قسەیان دەکرد و ئایینێکی جیاوازیان هەبوو کە نەیدەویست هیچ ئایینێکی دیکە بێجگە لەخۆی لە گۆڕێدا هەبێ و لایەنگرانەکەی بۆ گەییشتن بەو ئامانجەیان ئامادەبوون دەست بدەنە ناشیرینترین شێوازی کوشتن و تاڵان و وێرانکاری. هەر بۆیە بەرژەوەندی هاوبەش، عەلی خەلیفەی چوارەم وکوردانی بە ڕواڵەت موسڵمان و لە دەروووندا دژ بە ئیسلامیی کۆ کردەوە و لە بەرەیەکدا ڕیزی کردن، هەر بۆیە عەلی لە ئیمان و بڕوای کوردان لە دژایەتی کردنیان لەگەڵ مەعاویە کەوا بەناوبانگ بوو بۆعەرەبیگەری و بە دروستی نازناوی باوکی نەتەوەگەرایی عەرەب شیاوی بووگومانی نەبوو لەو سۆنگەوە پشتی بە کورد بەست بۆ ئەوەی لەگەڵ مەعاویە بەربەرەکانێ بکات کە شانازی بە ڕابردووی خانەدانیەوە دەکرد و عەرەب لەدەوری خڕببونەوە و شەڕیان بۆ دەکرد دژبە عەلی.

غازییەکان بە کوردەکان وهەموو ئەو نەتەوانەی کە کەوتبوونە ژێر دەستیان دەیانگوت مەوالی واتە کۆیلە وعەلی لە گوتنی ئەم سووکایەتی کردنە خۆی دەپاراست و ئەم نازناوانەی دوور لە بڕیارەکانی قورئان دەزانی.

لە ڕاستیدا عەلی بڕوای بە قورئان بوو وەک عوسمان هەربۆیە بڕیاریدا پێشنیار بدا بە عوسمان با قورئان کۆ بکرێتەوەو بکرێ بە پەرتووکێک بۆ ئەوەی ڕاسپاردەکانی محەمەد کە دەیگوت لە ئاسمانەوە بۆی دێنە خوارەوە و بۆ خەڵکی دەگێڕایەوە تۆماربکرێن.
کەس نازانێ بۆ کوردەکان وا دەیانزانی عەلی زۆر زیاتر لە هەر کەس دەیەوێ قورئان بکات بە یاسا و کۆمەڵگە پێڕەوی بکات چ گەرەنتیەک هەیە مافی ئەوان بدات وەک مرۆڤێکی ئاسایی؟ مەگەر ئەوەی خۆمان قایيل بکەین بەوەی عەلی لە کرداریدا لەگەڵ کوردان، ئەوپەڕی ڕێزوحورمەتی بەکارهێنابێ وئەوانی بە هاوشان وهاوکوفی عەرەبی موسڵمان لەقەڵەم دابێ. هەر ئەوەش بوو بە هۆی ناوبانگی عەلی بەوەی وا کەسێکی دادپەروەر و یەکسانیخوازە وغەیرە عەرەب لە لای ئەو کۆیلە نیە.

عەلی لە نازناوی شیعە واتە "یار" بۆ کوردەکانی هاوپەیمانی خۆی کەڵکی وەرگرت. ئەوەش ژیرانە و لۆژیک بوو. لەبەر ئەوەی کوردەکان بەو نازناوە بەناوبانگ بوون. ئەوان بە گوتی ، جوتی و گوتانی و یاری و بایيندار ، گاواری و گوارەجووت و دوتاری و دارشویی و کاردویی دەناسرانەوە واتە دووانە، دادپەروەر وەک تەرازوی یەکسان .

یارواتە هاوسەنگ، هاوکێش،هاوشان ویەکسان.. هەرچەندە لە ئەدەبیات و وێژەی کۆنی کورد لە سەردەمی سومەرو گوتی دا یار بەواتای ژمارەی ٢ یان جووت بەکار دەهێنرا... ئەوەش لە مانای ڕەمزی و هێمایی خۆیدا پێوەندی بە چیروانۆک یان ئۆستورەی زوروانی بێکۆتایی واتە ڕۆحی هەتاهەتایی یەوە هەبوو کە پەروەردەکارە واتە ئافرێنەریان خودای گەورە...
کوردان لە کۆنەوە بڕوایان بە هێزی ڕووناکی (سپینتە، سپیتنا، سکتان) و تاریکایی (گەرەنی،قەرەنی)هەبوو، هەموو شت لە دنیادا لە نێوان ئەو دوو هێزەدا کە دووانە بوون و کوڕی زوروان بوون و زوروان ئەوانی درووست کردبوو، دابەش کرابوون.

ئەم باوەڕە لە ناخی مرۆڤی کورددا بوو، کوردەکان سەبارەت بە خودا وهەبوون و مرۆڤ وا بیریان دەکردەوە ولە سێگۆشەی ئەم پێوەندیە، ڕەوشت بەرزی یان ئەخلاق بەرهەم دەهات و مرۆڤی کورد دەبوایە داب و نەریتە ئەخلاقیەکان لە ژیانی ڕۆژانەیدا هەتا ئەو کاتەی ئەم ژیانە بەجێئەهێڵێت جێبەجێ بکات. ئەم بیرکردنەوە قوڵ و ژیرانە بەردی بناغەی هەموو ئایینەکانی کوردستانی کۆن بوون کە لە قووڵایی ویژدان وهەست و بیروهزری بیرمەندان و زانایانی کوردستانی کۆندا سەرچاوەی هەبوو وا دەیانویست کۆمەڵگەیەکی خاوێن و ڕەوشت بەرزیان هەبێ.هاوکات نەریتە ڕواڵەتیە ئایینیەکانیش وەک قوربانی کردنی گای پیرۆز، خواردنەوەی خومەی واتە شەرابی پیرۆز، ڕێزگرتنی ئێزدەکان ودێوەکان

وەک هێماکانی خێر و شەڕ و پاراستنی چوارتوخمەی ژیان واتە ئاو، خاک، هەوا و ئاگرو چواروەرزی ساڵ، ڕێز بۆڕۆژی چوارشەممە کە پیرۆزترین ڕۆژی هەفتەیە، حورمەت و خۆشەویستی بۆ خۆرومانگ و ئەستێرەی هەشتپەڕی سیوەیل (هێمای ئیزەد میترا،گای پیرۆزیان گاوروان و ئیزەد هانائیت واتە ئەستێربوون)، ڕێز بۆ ژمارەی حەوت وا هێمای نهۆمەکانی مەنزڵگەی ژیانی ناخی مرۆڤ هەتا گەییشتنەوە بە سەرچاوەی نوور و خێرواتە سپینتە و لە کۆتاییدا گەڕانەوە بۆ لای زوروانی بێکۆتایی، ڕەمزی حەوتەوانەی موغان و حەوت قۆناغی پاڵاوتنی ڕۆح و ڕەوانی مرۆڤەکان و گیانلەبەرانی دیکەیە هەتا ڕادەی گەییشتنەوە بە سەرچاوەی نووروواتە سپینتەی مایندە و هەتاهەتایی و ژمارەی ١٢ کە هێمای دوازدە مانگی ساڵ و دوازدە پێگەی خۆر لە ئاسماندایە و شوێنی حەوانەوەی ئیزەد میترایە، هەروەها خۆشویستنی تاوس یان مەهروکە ئیزەد میترا لە جەستەی ئەودا خۆی دەنوێنێ، کەڵەشێریان خۆرئوژ کە پێش ئەوەی خۆرهەڵبێت مژدەی هەڵهاتنی خۆردەدات، مارکە هێامی زانایيە و هاوڕێی میترایە، قاڵاو کە هاوڕێی میترایە و دوای قوربانی کردنی گای پیرۆز لە لایەن میتراوە مزگێنی گەییشتنەوەی ڕەوانی گای پیرۆز بۆ ئاسمان وبۆ لای خودا دەدات. هەروەها هێمای شێرکە ڕەمزی یەکێ لە حەوت توێژی مۆغانە واتە شا. هەر بۆیە کوردانی کەونارهێمای شێریان لە فەرهەنگی خۆیان بەکار ئەهێنا تەنانەت لە سەر ئاڵای شاهەنشایی دا شێوەی شێریان نەخشاندبوو.شێرهێمای گەورەیی و زانایی و بەخشندەیی بوو.

ئەمانە بەردی بناغە و کۆڵەکەی چەند ئایینی دیکەی کوردیی بوون... لەوانە ئایینی مانی و ئایینی مەزدەک و تەنانەت مەزداپەرستی یان زەردەشتیگەری.

١٧ مای ٢٠١٦

ئایینی مەزداپەرستی لە لایەن زەردەشتەوە ناسێندرابوو. بە هۆی ئامۆژگارییەکانی زەردەشت وا لە کۆنترین پەرتووکی پیرۆزی ئایینی کوردانی قەدیم واتە ئاڤێستا و لە کەونارترین بەشی ئاڤێستا واتە گاتا کە بریتین لە ڕازو نیازەکانی خودی زەردەشت لە گەڵ ئاهورامەزدا یان پەروەردەکاری ئافرێنەردا هاتوە و، لایەنگرانی ئەم ئایینە هان دەدات خەریکی کشتوکاڵ و باخداری وئاژەڵداری بن، دەردەکەوێ.

تەمەنی ئەم ئایینە زیاتر لە هەشت هەزارساڵ نیە بە هۆی ئەوەی دوای کۆتایی پێهاتنی سەردەمی ئەشکەوتنشینی، باپیرانی گەلی کورد فێری ڕاهێنانی گەنم و جۆ بۆ کشت وکاڵ وهەروەها شێوازی ڕاگرتنی ئاژەڵی وەک مەڕ، بزن، گا، وشتر، کەر، ئەسپ، سەگ وهەروەها جۆرەکانی پەلەوەر بەتایبەتی مریشک و کەڵەشێر بوون. باپیرانی کورد لە دارستانە بەربڵاوەکانی کوێستانی زاگرۆس و تاوردا فێری باخداری بوون وبە هۆی ئەوەی دەیانویست ئاگایان لەکاتەکانی زاوزێی ئاژەڵەکان وهەروەها هاتنی وەرزەکانی کێڵاندن،وەشاندن وئاودێری کردن ودروێنە وگێرە وخەرمان وجۆخین بێ دەستیان بە ژماردنی ڕۆژگاروشەوگار، ناسینی ئاسمان وخۆر،مانگ وئەستێرە وشوێنی هەسارە و ئەستێرەکان بوون و ڕۆژمێر و ئەستێرەوانی و خوداناسین و چارەنووس و جیهانە دیارونادیارەکان و درووست کردنی چیروانۆکەکان کرد. ئەوەی ڕاستی بێ پێش ئەوەی زەردەشت دەست بکات بە نووسینی ئامۆژگاریەکانی و پەرتووکی گاتا بنووسێ کوردەکانی کوردستانی کەونار بڕوایان بە ڕۆح یان وزەی ژیان و ژیاندن و ژیاندنەوە هەبوو، دەیانزانی وزە یان هێزێکی گیانبەخش کە پرۆسەی زیندووبوون وزیندووکردنەوەی لە پاش بێگیان بوون واتە مەرگ بەڕێوە دەبات کارەکانی خۆی بە

شێوازێکی سیستەماتیک و نەگۆڕ، خولێ نە خولێ، دووپات دەکاتەوە و ئەمە یاسایێکە و بێگۆڕانکاری دووبارە دەبێتەوە...

بە هۆی ئەوەی کێڵگەکان کانگا و سەرچاوەی داهاتەکانی ژیانی کوردەکان بوو، هەروەها لەو سۆنگەوە کە هەموو ڕووەکەکان لە زەوییەوە شین دەبن ومرۆڤیش کاتێ دەمرێ و تووشی داپڵۆخان و ڕزاندن دەبێ و دەبێتەوە بە خاک هەر بۆیە چیرۆکی لە خۆڵ درووست بوونی مرۆڤیان هەڵبەست و لەفەرهەنگی ئەخلاقی و باوەڕمەندانەی کۆنترین شارستانیەتی کوردەکان واتە کاشپی یەکان و دواتر سومەریەکان ڕەنگی دایەوە و ماجەرای ئافراندن لە وڵاتی ئادان واتە شوێنی ئیزدی خاک کە ناوی "ئا" یە و"ئێئا" و "ئاتاخما" واتە یەکەم ژن و پیاولە خاکی ئەوێ درووست دەکرێن و دواتربە هۆی خواردنی میوەی داری ژیان و داری زانایی لە بەهەشتی ئاسمانی وهەتاهەتایی کە لە ئاسماندایە دەردەکرێن و خودا دەیانێرێتەوە هەمان وڵاتی ئادان بۆئەوەی خەریکی ژیان بن تاکوو دەمرن و ڕۆحیان دەگەڕێتەوە بۆ لای ئافرێنەر. بەڵام ناخیان دەبێ لە حەوت قۆناغ دەرباز ببێ تاکوو بگاتەوە بە سەرچاوەی ژیان واتە خودا یان زوروانی بێکۆتایی.

سەردەمانێک کوردانی کەونار بڕوایان بەوە بوو یەکەم مرۆڤەکان "گم، یام، مای، مەی، خم" و خوشکەکەی بوون و نقشە ئینسانیەکان لەوانەوە زاون. بەڵام دوای پەیدابوونی زەردەشت و ئایینەکەی نەک لە گاتا کە فەرمایشتەکانی پیەغەمەر زەردەشتە، بەڵام لە بەشەکانی دیکەی ئاڤێستادا وا موپتەکان و زانایانی ئایینی زەردەشتی لە چەرخە جۆراوجۆرەکاندا کۆیان کردوەتەوە ونووسیویانەتەوە بەتایبەت لە بەشێکی ونبووی ئاڤێستادا واتە "چڕداد" باسی یەکەم مرۆڤ و چیرۆکی درووست بوونی نقشی مرۆڤەکان دەکات، بەڵام کورتەی ئەم چیرۆکە لە بەشێکی دیکەی ئاڤێستادا کە لە بەردەستدایە و ناوی "دینکردە"یە باسکراوە و دەڵێ: "خۆیی دۆس" واتە هاوسەرگیری نێوان خزمان کارێکی ڕەوایە بۆ وێنە "وەرمز" خواوەندی ئاسمان لەگەڵ کچەکەی خۆی واتە "مەتی سپیندار" خواوەندی زەوی هاوسەرگیری کرد و یەکەم مرۆڤ واتە "گێومەرت" یان گێومەرد لەو دووخواوەندە درووست بوو. توخم یان نوتفەی گێومەرد ماوەی چل ساڵ لەسەر زەویدا مایەوە،کوردانی کەونار ژمارەی چل یان بۆماوە یان ئەندازەیەکی ژمارەنەکراوبەکاردەهێنا...

لە گاباری شەشەمی ئافراندن دا وەرمز بڕیار دەدا گێومەرد بکات بە مرۆڤ وئەم کارە حەفتا ڕۆژی پێچوو، پاشان بۆ سێ هەزار ساڵ گێومەرد بێ بزاڤ و جووڵە مایەوە و لەم ماوەدا هیچ کارێکی نەدەکرد بەڵام بیری لە زانایی دەکردەوە. کاتێ ئەهرێمەنە و سوپای دێوەکان پەلاماری زەوییاندا

گێومەرد پڕ ببوو لە زانایی وکەوتە بزاوتن و جووڵەوە و شەڕی لەگەڵ دێوەکان کرد و شکستێ پێهێنان و نازناوی گرشا (گردشا) یان شای کوێستان واتە "شای کوردستان"ی پێبەخشرا.

سی ساڵ دوای ئەو سەرکەوتنە ژیا... پاشان مرد و بە لای چەپدا کەوت و توخمەکانی هەڵوەرانە سەر زەوی... ئیزەدی"نێری سینگ" ئەرکی پاراستنی سێ چارەک و خواوەند "مەتی سپیندار" ئەرکی پاراستنی چارەکێکی توخمەکانی گێومەرد واتە شای کوێستانی لە ئەستۆ گرت. لە توخمی گێومەرد جووتێ مرۆڤ (نێر و مێ) بە چەشنی ڕێواس ڕووان وناویان "مشیگ" و"مشیاگ" بوو.

گێومەرد خەڵکی فێرێ کشتوکاڵ کرد، پێستەی پڵنگی لەبەرخۆی کرد و بە پڵنگان واتە پڵنگپۆش ناوبانگی دەرکرد. هەروەها ئامۆژگاری ئەوە کە: مرۆڤ لە کاتی خواردنی ژەمەکاندا با بێدەنگ بێ تاکوو سرووشت بەشی خۆی لەو خواردنە ببات و هەمووبەشەکانی لەش لە بیر کردنەوەدا بێ بۆ ئەوەی ئەو خواردنە زیاترین بەهرە و قازانج بگەیێنێتە جەستە و هەر بەو هۆیەشەوە ناخ، ئارام وهێوربێتەوە.

کوڕەکەی واتە "سیاومەگ" لە شەڕی دێوەکاندا کەوتە بەر دەستی سیادێو - کوڕی ئەهرێمەنە- و کوژرا. گردشا واتە شای کوردستانی کەونار زۆردڵتەنگ بوو، دەستووری بە کوڕی سیاومەگ واتە "شەنگە" یان هۆشەنگ دا شەڕی دێوەکان بکات و تۆڵەی باوکی بستێنێتەوە، شەنگە ئەم کارەی کرد و "سیادێو"ی کوشت.
کۆمەڵێ لە کوردانی کەونار شوێنکەوتووی هزروکردەوەی گێومەرد بوون و بە گێومەردیان واتە گێومەرتیان یان گێومەتیان بەناوبانگ بوون، ئەوان فەلسەفەی ژیانی" گرشا گێومەرد"یان کردبوو بە وێنای هەڵسوکەوت و ژیانی ڕۆژانەیان لەم جیهانەدا، گێومەرتیان بڕوایان بە حیکمەت و هزر و دەروونگەرایی وزانایی بوو.

ئەوان زانایی یان سەرچاوەی ژیانی هەتاهەتایی دەزانی، بڕوایان بە شاهەنشایی هزرو زانایی لە ژیانی هەتاهەتاییدا بوو، لەو سۆنگەوە کۆششیان دەکرد لە زانایيدا بێکۆتایی بوونی ناخ و ویژدان بگەیێنە لووتکەی بیرکردنەوە. بە لای ئەوانەوە گێومەرد هێمای ئەم بزاڤە فەلسەفی و بیرمەندیە بوو، هەر بۆیە شوێنکەوتەی ئەو بوون.

چیروانۆکی گێومەرد سیمای ڕاستەقینەی زانابوون و بڕوامەند بوونی مرۆڤی کۆمەڵگەی کوردستانی کەونار بەو حەقیقەتە نیشان دەدات کە باوەڕی بەوە هەیە مرۆڤ بەشێکە لە سرووشت.

ئەوان ڕێزی تایبەتییان بۆ "گا" یان دەوار هەبوو، لەبەر ئەوەی گێومەرد خاوەنی گایێک بووکە لە دوای مردنی گێومەرد وکوژرانی گاکەی، مرۆڤ لە گێومەرد و هەموو بوونەوەران لەو گاوە درووست ببوون. چیروانۆکی گای پیرۆزی گێومەرد دووبارە بوونەوەی چیروانۆکی گای پیرۆزی میترایە وا دەبێ قوربانی بکرێ و لە جەستەیەوە بوونەوەران درووست ببن. بەڵێ حیکمەتی گێومەردی یان گێوماتی بەشێک لە ئایینی میترایی کوردی بوو.

١٩ مای ٢٠١٦

سەبارەت بە وشەی کاک یان کاکە، بەواتای "یەکەم" یان "سەرۆک و پێشەنگ و پێشڕەو، پێشەوا" هاتوە. هەر لە هەزاران ساڵ بەر لە ئێستاوە لە ناو کولتوری کوردیدا باو بووە و هەر ئێستاش بە واتای سەرۆک لە ناو شێخانی تەریقەتی قادری و هەروەها لە ناو جەماوەری کوردیدا بە واتای برای گەورە ناوبوێر دەکرێت و، یارسانەکانی باشووری کوردستانیش بە کاکەیی بەناوبانگن. دەکرێ بگوترێ وشەیەکی هەرە کۆنی کوردییە و پێوەندی بە چەمکێکی گێنۆتیک واتە سۆفییانە و عارفانەوە هەیە.

با ساناتر بڵێم، هەرلە کۆنەوە بیرمەندانی کورد بڕوایان بە دوو ڕەهەندی بوونی ژیان بووە: - ڕەهەندی مادی ٢- ڕەهەندی مەعنەوی.

جەستە و فۆرمی هەموو دیاردەکان بە مرۆڤیشەوە ڕەهەندی مادی ئافێنراوەکانن وناخ و ڕۆح یان وزەی پاڵنەری ژین لە هەر ئافرێنراوێکدا پێوەندی بە ڕەهەندی مەعنەوی ژیانەوە هەیە. واتە جەستە کراسی بەر ناخە و کاتێ دیاردەیەک یان ئافرێنراوێک دەبینین ڕواڵەتی ناخی ئەو دیاردە دەبینین. کەواتە ئافرێنەر یان خالق، ڕۆحی تێهەڵکێشی جسم و جەستە کردوە با دیار وخویا بێت ومانای مادی پەیدا بکات.

کاتێ باسی سپینتەی مایندە و ئەنگەرەی مایندە دەکەین، فلەشبەکمان کردوە بۆچۆنیەتی پەیدا بوونی ژیان لە چیروانۆکی زوروان دا. ناکرێ بیر لە فەرهەنگی ڕەسەنی کوردی بکەیتەوە و نەگەڕێیتەوە بۆ چیروانۆکی ژیان و زوروان. بەردی بناغەی بیر و بیرمەندی لە کولتوری کوردیدا پێوەندی بە اساطیر (ئوستورەکان یان چیروانۆکەکان)ەوە هەیە. لەسەرووی هەمووشیانەوە چیروانۆکی زوروان. لەبەر ئەوەی خاڵی دەسپێکی هەموو ئایینە کوردیەکان هەر لە کۆنەوە هەتا ئیسلام و دوای ئیسلامیش لە چەمکی خێر و شەڕ و چۆنیەتی "دەرکەوتە" یان تجلی (ئەمشاسپەند / ئاڤێستا) خێر و شەڕەوە سەرچاوە

دەگرن. هەروەها جۆری ڕوانینی مرۆڤی کورد بۆ هەبوون و ژیان و جیهان ونەبوون دەستنیشان و درەوشاوە و بەرچاویی دەکا.

ئەمەش کلیلی کرانەوەی هێما فەلسەفیەکانی ڕوانینی کوردە و فەرهەنگی ئەو نەتەوە ڕەچاو دەکات و دەیناسێنێ و لەناو فەرهەنگی نەتەوەکانی دیکەدا دەیناسێتەوە. بۆ وێنە جۆری پۆشینی جلوبەرگ (بەدەر لەوەی بۆچ وەرزێک یان کەش و هەوایەک دەپۆشرێ) ڕەنگدانەوەی جۆری ڕوانینی هەر گەلێکە بۆ خۆی. بەتایبەتی کوردەکان هەر لە کۆنەوە ڕەنگ و فۆرمی دوورینی جلوبەرگیان بۆ دەربڕینی مەبەستەکانیان بەکار هێناوە. ئەوەش هۆکاری ناسینەوەیان بووە لە خەڵکی دیکە، ئەمە بۆ توێژینەوەی جۆری بیرکردنەوەی ئەم خەڵکە لەم هەڵکەوتە جوغرافیاییەدا زۆر بنەڕەتییە.

بە گوێرەی چیروانۆکی زوروان یان ڕۆحی هەتاهەتایی (خواوەندی کات و دەم و زەمان) لە ئایینی میترابیدا، کاتێ زوروان ئافراندنی کۆتایی پێهێنا بیری لەوە کردەوە کارێکی بێکەڵکی کردوە، لەم چەوتی و ڕاڕاییەوە ئەنگەرەی مایندە درووست بوو بەڵام ڕاستی وهەقیقەت کە لە ویژدان و بڕواوە سەرچاوە دەگرێ نەیتوانی چاوپۆشی لەوە بکات کە هەڵەبوون و ڕاڕایی هەموو مانای هەبوون داگیر بکات، هەر بۆیە سپینتەی مایندە لە بڕوا و ڕاستییەوە درووست بوو بۆ ئەوەی دژایەتی چەوت بوون و دوودڵی بکات.

ئەنگەرە و سپینتە لە دەروونی زوروواندا هاتنە بەرهەم و گەورە بوون، بەڵام ئەنگەرە فێڵی کرد و بۆ ئەوەی زووتر لە دایک ببێ زگی زوروانی دڕی و هاتە دنیاوە. شەڕی ئەم دوو چەمکە دەست پێدەکات و زوروان ناچاریان دەکات هەر یەک لەو دوو برا ماوەی هەزارساڵ فەرمانی دنیا بکەن. بەو مانایە هەزارساڵ ئەنگەرە دنیا بگرێتە دەست و دوای ئەوە سپینتە فەرمانڕەوای جیهان بێت. بەڵام ئەمە بە واتای ئەوە نیە لەماوەی هەزارساڵەی حوکمی هەریەک لەو دوو چەمکەدا، خراپی یان چاکی بە تەواویی لەناو بچن بەڵام هێزی هەریەک لە ئەنگەرە یان سپینتە لە ماوەی دەسەڵاتدارییاندا زاڵە.
ئافرێنەر واتە زوروان، ئیزەدی میترای خولقاند بۆ ئەوەی دادوەروناوبژیوانی ئەو دوو چەمکە واتە سپینتە (خێر) و ئەنگەرە (شەڕ) بێت...

هەر بۆیە ئازیزترین و نزیکترین ئیزەدی زوروان بووهەروەها ئەو دەسەڵاتەشی پێدرا بوو کاروباری جیهان بە نوێنەرایەتی زوروان ڕاپەڕێنێ. میترا خواوەندی "شید" یان خەرمانەی خۆرو هەروەها یەکەم تیشکی خۆر (کاک ڕم یان کەیڕم) بوو کە لە کاتی شەوەکی (شەفەق) دا لە ئاسۆ واتە لە ڕۆژهەڵاتەوە

هەڵدێ هەروەها خواوەندی خۆشەویستی و بڕیاروپەیمان بووە و ئەرکی پاراستنی تین و تیشکی ئەستێرەی ڕۆژ واتە خۆری پێڕاسپێردرا بوو.

خۆر خانووی میترا بوو.پێش ئەوەی کاک ڕم یان یەکەم تیشکی خۆر (کە پێشەنگ وپێشەوای تیشکەکانی ڕۆژە. تیشکەکانی خۆر، خەرمانەی دەوری خۆریان "شید" پێکدێنن. کاک ڕم یەکەم تیشکی شیدی خۆر، میترا ئیزەدی شیدە) دەربکەوێت، "خۆرئوژ" یان ئەو پەلەوەرەی ئەڵێ "خۆرهات!" واتە کەڵەشێر، بانگ دەدات و مزگێنی دەدات خۆرخەریکە دەردەکەوێ. دیارە کەڵەشێر ڕاستبێژە و لایەنگری سپینتەی مایندەیە و بانگبێژی سپینتەی مایندە پیرۆزە و دەبێ ڕێزی بۆ بگیردرێت.

میترابیەکان یان مەهرانیەکان ڕێزی تایبەتییان بۆ خۆرئوژ هەبوو، دیارە هەر ئەوەش بوو بە هۆکاری ئەوەی لە دوای هاتنی ئیسلام بۆ کوردستان ناوی خۆرئوژ وەک هێمایێکی مێهرانی گۆڕدرا بۆ کەڵەشێر، کەڵەباب یان دیکل و قەدەغەی خواردنی گۆشتی ئەم پەلەوەرە لەسەر کوردانی نۆموسڵمان هەڵگیراو سەبارەت بە ئیزەدی میترا یان "مەهرو"هەروەک گوترا ئیزەدی پارێزەری ئەستێرەی ڕۆژ وخواوەندی تیشکی خۆر بە تایبەتی یەکەم تیشکی خۆر واتە کاک ڕمەیە وا پێشەنگی هەموو تیشکەکانی خۆرە و تیژایی و شەوقێکی چاوتەزێنی هەیە. خواوەند یان ئیزەدی ئەستێرەی ڕۆژ یان خۆر ناوی "سۆر"یان "شۆر"ە و ئێستاش کوردانی مەڵبەندی ئاردەڵان وجاف و گۆران هەرچەندە موسڵمانن سوێند بە سۆڵە یان شۆڵەی نوور دەخۆن، سۆڵە یان شۆڵە هەمان سۆر یان شۆرە.

سۆر لەگەڵ میترا جیاوازە. سور یان تیر ئیزەدی پاسەوانی خۆرە. میترە یان میهرە یان مێرگە وشەیەکی ئاڤێستاییە، کوردانی کەونار بە مەهرو ناساندوویانە. خواوەندی خۆشەویستی و ژنومێردایەتی، بڕیاروپەیمان و دادپەروەری و ئازایەتی بووە. ئایینی مەهرانی یان میترایی لە مەزۆپۆتامیا واتە ڕۆژاوای کوردستانی جوغرافیایی و لە مەڵبەندی سۆریش یان هۆریش کە ئێستا لە کوردستانی تورکیادایە سەریهەڵداوەتەوە (دیارە سۆریاش بە گوێرەی ئۆستورەکان لە سۆریاش واتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەرکی پاراستنی تیشکەکانی خۆری بە میترا سپارد و سوێندی وەفاداری بۆ خوارد). غازییەکان کاتێ هاتنە باکووری کوردستان ناویان ناوە حران!

ئایینی مەهرانی ئایینی دەوڵەتە کوردیە کەونارەکانی میتانی وهیتی، ئورارتو، ماننا و شاهەنشاهی ماد بووە. بەڵگەش ئەوەیە بەردەنووسێک بە ڕێزمانی بزماری دۆزراوەتەوە سەبارەت بە پەیماننامەیەکی نێوان ئەم دوو دەوڵەتە کوردیەی سەردەمانی کۆن (میتانی و هیتی)و تەمەنی دەگەڕێتەوە بۆ ١٥سەدە

پێش زایین و تێیدا سوێند بە ئیزەد میترا خوراوە. مەهرو(میترا) نازناوی "نەبەز" یان نەبەرزی پێدەبەخشری کاتێ دوژمنەکانی دەبەزێنێ.چیروانۆکی میترا دەگێڕێتەوە: میترا لە ناخی بەردێکەوە دێتە دەرەوە کە لە ئەشکەوتێکدایە.

پاشان لە گەڵ گایێکی ئاسمانی زۆران دەگرێت و دەیبەزێنێ و دەیباتە ناو ئەشکەوتێکەوە و کاردێک دەچەقێنێتە ناوشانی گاکەوە و قوربانی دەکات. سەگ و مار و دووپشک و قاڵاوی لێ پەیدا دەبن. لە شوێنی برینی سەرشانی دەوارەکەوە سێ چڵ گەنم و نمامێکی مێو شین دەبن. دوومەشخەڵدار بە مەشخەڵی ئاگرەوە لە لای ڕاست و چەپی میتراوە ڕاوەستاون یەکیان ناوی "کاوە"یە ومەشخەڵەکەی بەرەو سەرەوە ڕاگرتوە وئەوی دیکەشیان ناوی"کاوە بەد"ە و مەشخەڵە ئاگرەکەی بەرەو خوارەوە گرتوە. کاوە هێمای پیت، سپیایی و بەرەکەتە و کاوەبەد هێمای شوومی و ڕەشی و نەحسی یە. ئەو دوو مەشخەڵدارە ئاماژەن بۆ سپینتە یان ژیان وئەنگەرە یان مەرگ.کاتێ میترا دەیەوێ دەرکەوتەی مادی و جەستەیی هەبێ وەک پەلەوەری مەهرو یان تاوس خۆی نیشان دەدات. بۆیە بە ئیکە تاوس یان یەکەم تاوس ناسراوە،تاوسەکانی دیکە بە زەردەشتیشەوە لە لایەن میتراوە سروشەکانی زوروان یان ئەهورامەزدایان پێگەییشتوە و ئەوانیش بە خەڵکیان گەیاندوە.

٢٠ مای ٢٠١٦

هەندێ کەس وا بیردەکەنەوە زەردەشت گۆڕانکاری لە ئایینی میترایيدا کردوە و، لە جیاتی سپینتە و ئەنگەرە ئەم دوو چەمکەی هێناوەتە گۆڕێ: ئەهرێمەنە لە جیاتی ئەنگەرە وئەهورامەزدا لە جیاتی سپینتە. هەڵبەت وانیە زەردەشت پیەغەمەرێکی میترایيە و بە نازناوەکەیدا دەردەکەوێ.

زەردەشت بە واتای شەوقی تاوسی زێڕین دێ. ئەمەش تەعبیرێکی سیمبۆلیک و عارفانە لە "کاک ڕم، ماراکە، کاکە، کاوا، ئاکە" یان یەکەم تیشکی "شید" یان خەرمانەی خۆری لای شەوەکی و بەرەبەیان بوو. لە ڕاستیدا کاک ڕم مزگێنێ هاتنی ڕۆژ و خۆر و ڕووناکی دەدات و پیەغەمەری ڕۆشناییە، پەیک و قاسدی هاتنی خۆرەتاوی گیانبەخشە. ازناوی زەردەشت سپی توخمان بە واتای "لە نەژادی سپەنتە و پاکی و ڕۆشنایی" یە. با ئاسان بکرێتەوە زەردەشت پیەغەمەروقاسد ومزگێنی بەخشی نور و ڕۆشناییە و پەیخامەکەی لە میترا ئیزەدی تیشک و ڕووناکایی خۆر وەرگرتوە و دەیگەیێنێتە مرۆڤایەتی بۆ ئەوەی دادپەروەری و بڕیاروپەیمان و خۆشەویستی و ڕاستی و ژن ومێردایەتی و ئەوین لە جیهاندا بچەسپێنێ.

زەردەشت هیچ کات خۆی لە ئیزەد میترا بە گەورەتر نەزانیوە و بە پیچەوانەی ئەوەی دەڵێن ئایینی زەردەشتی دژی میترایيسم بووە شتی وا لەگۆڕێدا نیە. میترا لە نهۆمی حەوتەمی ئاسماندا نشینگەی هەیە. ئەمانە هەمووی باس و گوتاری عارفانە و سۆفیانە واتە گێنۆتیکە و لە هەزاران ساڵ پێش ئێستاوە سۆفیگەری لە ناو کورددا باو بووە و پەیوەندی بە ئیسلام و مەولانا خالید نەقشبەندی و غەوسی گەیلانی و سەفیعەلیشاوە نیە، بەڵکوو ئەوان بە سوڵتان سەهاک (نوێکەرەوە لە ئایینی یارسان و کاکەیی میترایيدا)، شێخ ئەدی (نوێکەرەوە لە ئایینی ئێزدی میترایيدا)، عیسامەسیح ، یەحیا (پیەغەمەری ئایینی مەندایی میترایی) و داود شای ئیسراییل و زەردەشت ، گێومەرد گرشا (خدر)، شای چەرخسوار (ئیلیا،ئیلی)، مانی و مەزدەکەوە هەموویان بە ڕێچکەی سۆفیگەری میترایی و زوروانیدا ڕۆشتوون.

ڕاستە ئەو کەسانەی کە ناویان هات هەریەکە و سەر بە ئایینێکی جیاواز لە یەکترن بەڵام بە ڕێچکەی گێنۆتیک و عارفانە سەر بە مەدرەسەی سۆفیگەری میترای نەبەز، ئیزەدی پارێزەری تیشکەکانی خۆر و خواوەندی پەیمان و دۆستی و ڕاستی و شۆڕەسواری و پاڵەوانیەتی و ئەوین و هاوسەرگیری و دادپەروەری یە وا مەنزڵەکەی لە خۆردایە و هێماکەشی ژمارەی ٧و سروشەکانی لە ڕێگەی تاوسی زێڕینەوە دەگەیێنێتە جیهان و سروشەکانی هەمووی بە چەشنی تیشکی نوورن و مژدەی ڕوناکی و دادپەروەری و سەرکەوتنی خێر بە سەر شەڕ و نەهامەتی دا دەدەن بە مرۆڤەکان.تاوس یان یەکەم تاوس کە لە ئەدەبیاتی عارفانەی قەدیمی کوردیدا بە (ئیکە تاوس) ناسراوە هەمان "مەهرو" یان باڵندەی تاوسە کە دەرکەوتە (تجسد و تجسم) مادی و دنیایی میترایە کە بە ئەمشاسپەند یان جیلوەی خودا مەشهوورە.

ئایینی میترایی بڕوای بە "دەونادون" واتە تناسخ هەیە،واتە ڕۆح هەتا حەوت جاران دەکرێتە جەستەی گیانلەبەرەکانەوە هەتا دەگاتە مرۆڤ و مرۆڤ ئەگەر لە ژیانیدا پاک و ڕاست قسە بکات و پاک وڕاست بیر بکاتەوە و پاک و ڕاست هەڵسوکەوت بکات دوای مردن ڕۆحەکەی دەچێتە جەستەی مرۆڤێکی بەرجەستە و گەورە و پلەیەک لە سەرچاوەی نوور و ڕۆشنایی، واتە ئەهورامەزدا یان زوروانی بێکۆتایی نزیک دەبێتەوە و تا دەگاتەوە بە خودی زوروان و لەودا نوقم دەبێ. ئەگەر وا نەبێ و ناخی خۆی ڕادەستی پیسی و شەرپەزەیی و چڵپەیی (چەپەڵ بوون) بکات دوای مردن ڕۆحی دەکرێتە جەستەی بوونەوەران و ئاژەڵانەوە. لە ئاڤێستادا باسی قیامەت و پردی چینواد وڕۆژی دادوەری ڕۆح دەکرێت و ئەمەش دەونادون ڕەت دەکاتەوە. هەڵبەت ئەوە سەلمێندراوە بێجگە لە گاتا واتە کۆنترین بەشی ئاڤێستا کە سورودەکانی پیەغەمەر زەردەشتە، تەواوی ئاڤێستا لە درێژایی مێژووی چەندسەت ساڵەی پاش ڕووخانی شاهەنشاهی ماد لەسەدەی شەشەمی پێش زایین هەتا سەردەمی نەوشیروان شای ساسانی لە سەدەی شەشەمی زایینی دا نووسراوە و لە ژێرکاردانەوەی ئایینەکانی مووسا و یەحیا و عیسادا بووە بۆیە سەربەخۆیی ڕۆح و ڕۆژی قیامەت ودادوەری هاتوەتە ئەدەبیاتی زەردەشتییەوە. بەڵام خودی زەردەشت بڕوای بە دەونادەون بووە و نازناوی پەیک و پیەغەمەری میترای پێبەخشراوە. لە بەر ئەوەی بەردی بناغەی ئایینی میترایی بڕوامەندبوون بە دەونادەونە.هەروەک گوترا ئایینی میترا ئایینی" پاڵو"یان"پاڵە"کانە.پاڵو بە واتای بەربەرەکانێ نێوان میترا و سۆڵ یان سۆر، شۆر (خواوەندی خۆر) دێت. کاتێ میترا و سۆر پێکەوە ململانێ دەکەن و سۆر یان سۆڵ دەبەزێت میترا تیشکەکانی خۆرواتە (شید) لە خواوەندی سۆردەستێنێت.ئەم زۆرانە چارەنووسسازە لە دەریای "خات ئین پی" یان "هۆروکەرد" دەکرێ.

هۆروکەرد خانووی ئیزەد سۆر یان سۆڵە وا لە ڕۆژهەڵاتدایە و پیرۆزایەتی ئەم دەریا بە هۆی ئەوەیە سەرچاوەی ژیان یان ئاوی ژیانە وئەهورامەزدا لە ئاوی ئەم دەریا ئاودێری" داری ژیانی" کرد داری

ژیان سەرچاوەی هەموو ڕووەکەکان و گیاوگژ و سەوزەڵانی و شینایی یەکانی جیهانە ولە باخی ئادان لە ڕۆژهەڵاتدایە. خوێی ئاوی دەریای هۆروکەرد جەوهەری ژیانی ناخ و ڕۆحی ڕووەکەکان و پاکی و وەفادارییە وخواوەند سۆڵ یان سۆر دوای ئەوەی لە ململانێی لەگەڵ خواوەند میترا پشتی لە زەوی درا سوێندی بە "خوێ" خوارد هەتاهەتایە وەفادار بێ بە میترا.سۆڵ سواری چەرخ، ڕادە یان گەردان (گەردوون) دەبێ وبەرەو خۆردەڕوات.

سۆڵ هەتاهەتایە لە خزمەتی میترادایە و میترا سواری گەردوونەکەی خۆی دەکات ولە سەردان و سەیران و هات وچۆکانی میترادا گەردونەوانیەتی. هێمای سۆڵ خاچی شکاوە و لە بنی زۆربەی ئەو کاسە وجام و قەدەحانەدا کە لە ژێر زەویدا دۆزراونەتەوە و هی سەردەمانی کۆنن بەتایبەت هی سەردەمی سۆمێریەکان کە بە ئوروکی بەناوبانگ بوون نەخشێندراوە لە بەر ئەوەی سۆڵ جامی خواردنەکەی لە دەریای هۆروکەرددا هەڵژەند و لەو ئاوە سۆڵ و سوێرەی خواردەوە و بڕیاری دا وەفادار بێ بە میترا. سۆفییە میترابیەکان لە حەوت توێژدا خۆیان دەگرتەوە:

١. خۆنیا یان مۆغی وتارخوێن (هێمای قاڵاو)٢. شووپپەڕ (دەروێش، شوریدە یان پیاوی مەعنەوی)٣.مەردجەنگ (مۆغی شۆڕەسوار)٤. شێر٥. پەڕشە (مۆغی پەڕشە بەدەست بەواتای پارێزکار لە پیسی وگوژەڵی) ٦.زەڕتوش پەڕ (سۆرئوشوان)٧ . پیر (پدەر) یان باوکی مەعنەوی

لایەنگرانی میترا بڕوایان بە کۆتایی زەمان بوو کە لەوکاتەدا ئاگرێکی گەورە زەوی دەگرێتە بەر بەڵام لایەنگرانی میترا لەو ئاگرە پارێزراون و بەشەریەت ڕزگار دەبێ. میترا لە کۆتاییدا سواری گەردوونەی ئاگرینی خواوەند سۆڵ بوو بەرەو ئاسمان ڕۆییشت تاکوو لە کاتی دوایی هاتنی زەمان بگەڕێتەوە بۆ ئەم جیهانە.

میترا "ڕەستیار" یان ڕزگارکەری مرۆڤایەتییە لە ئەنگەرەی هەتاهەتایی و ناپاکی و چەپەڵی و تاریکی.میترا لە ئایینی مووسادا ڕەنگدانەوەی هەیە و کەسایەتی "ئیلیا" یان ئیلیاس وا سواری گەردوونەی ئاگردەبێ و بەرەو ئاسمان دەڕوات و دواتر خۆی نیشانی عیسا دەدات و کەسایەتییەکی نەمرە لە چیروانۆکی میتراوە وەرگیراوە.هەروەک "خدر"یان گێومەرد هەمان ئۆستورەی "گائوڕەوان" واتە گای پیرۆزی میترا کە قوربانی دەکرێ و لە چیروانۆکی گێومەرددا گای گێومەردە و دوای کوژرانی دەبێ بە هۆکاری شین بوونی هەموو گیاوگژەکان و ڕووەکەکان و ڕۆحی گای پیرۆز پڕە لە نەمری و زانایی.

٢٣ مای ٢٠١٦

-٦-

ئوستورەی ژیانی زەردەشت دەگێڕێتەوە "دوگ دوو"ی "فریە هیم ڕەوە" شیری ئەو "مانگا"ی خوارد وا توخمی زەردەشت لە ناو شیرەکەیدا بوو. مانگاکەش گیایێکی خواردبوو کە لەو گیادا توخمی زەردەشتی تێدا بوو."دوگ دوو" بە هۆی خواردنی ئەو شیرەوە بە زەردەشت دووگیان دەبێ و زەردەشت لەدایک دەبێ و بە هۆی ئەوەی ڕۆحی پاکی زەردەشت هەڵبژێردرا بوو کە ببێ بە پیەغەمەری تاوسی زێڕین و پەیکی میترا لە نەژادی سپینتە و ڕووناکی و چاکی (سپی تاخمان) بوو.
زەردەشت یان"شەوقی تاوسی زێڕین " پیەغەمەری ڕووناکی و هیوا وڕاستبێژی وکردەوەی چاک و هزری پاک بوو.

کاتێ چیروانۆکی ژیانی زەردەشت دەخوێنینەوە دیسانەوە دەگەیینەوە بە هەمان چیرۆکی ئافراندن وڕەوانی پاکی ڕووەکەکان و پێوەندیدار بوونی توخمە یان ڕەهەندی مادیی زەردەشت بە گیا وگژەوە وا لە خوێن و جەستەی گای پیرۆزی میترا یان گای پیرۆزی خدرشا (گێومەرد)ەوە ڕوواون. جێگەی خۆیەتی باسی ئەوەش بکرێ هەروەک پێشتر گوترا نازناوی گێومەرد "گرشا" بوو."گر" یان "گرد" بە واتای هەمان وشەی "خڕ" یان "خرت" دێ. لەبەر ئەوەی جەستەی گێومەرد بە پانایی و بە درێژایی بەیەک ئەندازە بووە واتە خڕبووە. لە کوردی کۆندا لە ناوچەی تاورۆس (ئاناتۆلی) بە خڕیان گرد، گوتراوە "خدر"یان "گدر". کاتێ شاهەنشایی هیتییەکان لە کوردستانی کەونار بەیاخ و ئاڵای هەڵدا هێمای خدر یان گدری بەکارهێنا کە "دەوری"یێک بوو بە دوو باڵی باڵندەکانەوە. بە واتای ئەوە هیتییەکان خۆیان بە لایەنگری حیکمەتی سۆفیگەری خدریان گێومەرد زانیوە. هەروەک باسکراوە گێومەردیەکان یان خدرانیەکان بە گاور دەناسران وبڕوایان بە ناتورالیسم یان سرووشتگەری

بوو،سرووشتیان بە سەرچاوەی ژیان بۆ بەشەر و بوونەوەرەکان دەزانی. ژیاننامەی زەردەشت گرێدراوی هەمان بیر و بڕوای گاورەکان بووە و توخمی زەردەشتیان بە گیاوە پێناسە کردوە.
بۆیە ناوی "دووگ دو" یان "مەڕ"یان بۆ دایکی زەردەشت هەڵبژاردوە کە هێمای پەیوەست بوون بە ڕەوانی گای پیرۆزی خدرشا و گای پیرۆزی میتراوە هەیە و بوونەوەران لە خوێن و جەستەی ئەوەوە هاتوونەتە ژیان.
ئەڵبەت دوگدو یان دوختو بە واتای شەکی چاوبەڵەک هاتووە و ئاماژەیە بە کیژ و کچ و ناوێکی ژنانەیە و ئێستاش باوە لە کوردەواریدا و پێی ئەڵێن کیژێ!

زەردەشت پڕ بوو لە زانایی چونکە گرێدراوی ڕۆحی گای پیرۆز بوو کە قوربانی کرا لە بەر ئەوەی گیانلەبەران درووست بن. گای پیرۆزخزمەتکاری خدرشا بوو. خدرشا یان گێومەرد بنیاتنەری بیرکردنەوە بوو کە بەردی بناغەی زانابوونە. لەوسۆنگەوە پرشکەکانی حیکمەتی خدرشا گەییشتوە بە گای پیرۆزوئەویشی فێری زانایی کردوە. خدرشا ئەچوو بۆ هەر کوێ سواری گای پیرۆزدەبووهەر بۆیە بە "گێوسوار" بەناوبانگ بوو.

زەردەشت خەڵکی وڵاتی "ئادان" لە دەوروبەری دەریای هۆروکەرد (سۆروکەرد،شۆروکەرد)ە. هەروەک باس کرا خواوەندی سۆریان سۆڵ پارێزەری ئەم دەریایە وا ئاوەکەی پڕە لە خوێ وبە سوێراوی ئەم دەریا سوێندی وەفاداری بۆ میترا خوارد. زەردەشت پەروانتا(پەرتووک)ی "گاتا" واتە کتێبی پاڕانەوە و ئافەرین کردنی ئەهورامەزدا و نەئافەرین کردنی ئەهرێمەنە دەنووسێ و لە هەندێ شوێنی ئەم پەرتووکەدا نەئافەرین و نەحلەتی کاویەکان وکاردەنەکان واتە دەسەڵاتداران ومۆغە قەسابەکان دەکات وا هەر خەریکی قوربانی کردنی گا و خواردنەوەی خومەی دەبن لەبەر ئەوەی وا دەزانن بە قوربانی کردن و خواردنەوەی خومەی گوناهەکان دەبەخشرێن و ژیانی هەتاهەتایی دەبەخشرێت بە مرۆڤ.

زەردەشت دەڵێ درگای "ئارینیم واچە" یان ملکوت یان بەهەشت تەنیا بۆ ئەو کەسانە دەکرێتەوە وا درۆ ناکەن. زەردەشت لە گاتادا دەڵێ من شوویپەرم. شوویپەر، شوویتەر، شویدەر لە ئایینی میتراپەرستی دا بە چینی دووهەمی موغان دەگوترێ واتە دەروێش و دەرۆزە (فەقیرلە ئایینی ئێزیدیدا) و لە چێژەکانی دنیای مادی دابڕاو.کەواتە زەردەشت مۆغی پلەی دووهەم بووە. گاتا یەکێ لە کۆنترین دەقە نووسراوەییەکانی کوردستانە.لەبەر ئەوەی هەموو ئامۆژگاریەکانی ئایینی میترایی لە لای مۆغان بوو ئەوانیش بە زارەکی دەیانگێڕایەوە و بە پاساوی ئەوەی نووسراوەکان ئەگەری ئەوەیان هەبوو

دەستکاری بکرێن وبنەڕەتی ئایینەکە بەلاڕێدا ببردرێ قەدەغەیان کردبوو ڕازو ڕەمزی ئەم ئایینە بنووسرێتەوە.

بەڵام ڕاستیەکەی ئەوەیە سەرەڕای بەسەرهاتێکی چەندهەزارساڵەی پڕلە شەڕ و تاڵان و داگیرکرانی کوردستان لە لایەن بێگانەکانەوە توێژینەوەی پەرتووکی گاتا لە ئاڤێستا و هەروەها دۆزینەوەی ژمارەیەکی زۆری شت و مەکی کەونار هی سەردەمانی کەونار لە شارستانیەتە جۆراوجۆرەکانی کوردستان و زمانی کوردی بە هەموو زاراوەکانیەوە کە بە خۆشییەوە هەتا ڕادەیەکی زۆرڕەسەنایەتی خۆی پاراستوە ڕاستیەکانی مێژووی دوور و درێژی کورد و کوردستان دەدرکێنێ.

بە خوێندنەوەی دەقە بزماریە سۆمێریەکان کە زمانی یەکەم دەقە کوردیە کەونارییەکانی لە خۆ گرتوە لەگەڵ موتاڵای دەقە گوتییەکان (گوتی، کوتی/ بەواتای بەرزاییینشینەکان، کوێستان نشینەکان واتە کورد) هەروەها تۆمارە قورینەکانی ئاشور کە بە ئارامی نووسراون (ئاشوریەکان یەکێ لە بەناوبانگترین شاهەنشاییە کوردی یەکانی کوردستانی کەونارن و ناوی خۆیان بە ناوی شۆریان "سۆڵ" کە خواوەندی خۆرە ناوە کە سواری گەردوونەی ئاگرینە و لەگەڵ ئەوەشدا ئاسەوارە بەردینەکانی هیتی و میتانی و کاشی و ئورارتویی و ماننایی و خوێندنەوەی تۆمارە سریانیەکان و مێژووی هێرۆدۆتی یۆنانی و دەقە مێژووییەکانی ڕۆما و پەرتووکی پیرۆزی مەسیحیەکان (عهد قدیم وعهد جدید) و هەبوونی ئاسەوارە مێژووییەکانی دۆزراوەی ناو خاکی کوردستان مێژووی پڕ لە سەروەری و هزرمەندی و حیکمەت و فەلسەفەی زانایی بیرمەندانی ئەم خاکە (کوردستان) نیشان دەدات و گێڕانەوەی ئەو ڕاستیە دەکات هیچ شتێک لە کرداروبۆچوون و گوتاری ئەم خەڵکەدا کوتوپڕنیە و زانایی و هزرمەندی واتە سۆفیگەری مێژووییێکی دێرینی هەیە.

هەمووی ئەمانە لە پاڵ یەکدا ئەو ڕاستیە دەگێڕنەوە: کوردستان لە کۆندا ناوی "ئەرام " بووە بە واتای وڵاتی خواوەندی رام، ئیزەدی پارێزەری ئارامی و خۆشی . لای ڕاست لە ڕۆژهەڵات هەرێمی مەتان یان پیرانی زانا بووە و"باخی ئادان" لەوێدا بووە و یەکەم مرۆڤەکان لەوێ درووست بوون هەروەها "داری ژیان" و "داری زانایی" لەوێ ڕوواون. لای چەپ هەریمی پتان یان سەروەران بووە و مەنزڵگەی خۆرلەوێدا بووە و دەجلە و فرات بەوێدا هاتوون.دواتر لای ڕاست بە مەدان یان ماد ولای چەپ بە پۆتان یان مەزرابۆتان ناوبانگی دەرکرد.خاوەنی دوازدە شارستانیەتە هەتا ساڵی ٥٥٠ی پێش زایین وا هەخمینیەکان دێنە سەرحوکم وکوردستان داگیردەکەن. لە ٣٣٠ی پێش زایینەوە کە ئەسکەندەر دەمرێ هەتا مردنی محەمەد پیەغەمەری موسڵمانەکان لە ٦٣٣دا کوردستان بریتی بووە لە شەش

دەوڵەتی نیوە سەربەخۆ. لەم ماوەشدا لایەنگرانی هەشت ئایین کە هەموویان لە ژێر کاریگەری حیکمەت و عێرفانی میتراییسم دا بوون لە کوردستان دا ژیاون. ئیسلام کاتێ هات بۆ ئەوەی خۆی بسەپێنێ هەموویانی ڕەت کردەوە و بە زمانی شمشێرو مەرگ لەگەڵ ئەو خەڵکەدا قسەی کرد.بەڵام سۆفیگەری میترایی لەوە زیاتر وا بیر دەکرێتەوە ڕەگ و ڕیشەی لە فەرهەنگی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە تایبەت کۆمەڵگەی کوردی دا داکوتابوو، هەر بۆیە ئیسلامیشی کۆنترۆڵ کرد و بە دەستکارییەوە هاوردەی کۆمەڵگەی خۆی کرد. وەک هێمای مانگ کە نیشانەی گای پیرۆزە، ڕەنگی سەوز کە هێمای گێومەرد یان خدری گاسوارە، هەروەها مێهراوە کە لە پیرۆزترین شوێنی مزگەوت یان پەرستگەکان واتە شوێنی سوجدەکردن ڕوو بە کەعبە درووست کرا و بە مێحراب ناوی دەرکرد. بەڵێ مێهر (میترا) لە پیرۆزترین شوێنی پەرستگەی موسڵمانەکان مۆری خۆی داکوتا و پایەبەرزی و مایندەیی خۆی چەسپاند و هەتا ئێستاش ناوی ماوەتەوە.

٢٧ مای ٢٠١٦

محەمەد کاتێ بانگەوازی دینەکەی خۆی کرد ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نوقمی ئەندێشەی سۆفیگەری بوو. عارفە: مەسیحی، جوولەکە،مەندایی (سۆفیەکانی یەحیا)، میترایی(مێهرانەکان)، زوروانی،مەزدایی (لایەنگرانی زەردەشت) گاور (سۆفیەکانی خدر)، هۆریانی (سۆفیەکانی سولاکە)، دینەوەری (سۆفیەکانی مانی)، بەدینی (لایەنگرانی مەزدەک)یەکان، لە کوردستان، بابل و ئیسراییل خەریکی نووسینی کتێبە سۆفییانەکان بوون. ئایینی زەردەشتی (مەزدایی) ببوو بە داردەستی کۆمەڵی موپت وپیاوی ئایینی و دیوانی پاشایەتی ساسانی ببوو بە گۆڕەپانی ململانێی مۆپتەکان. هەرکەس بیویستبایە ڕێفۆرم یان سەرهەڵدانێک دژ بە دەزگای ئایینی بکات بە شێوازێکی توقێنەر سزا دەدرا، ئەوەی بە سەر مەزدەک و لایەنگرانی هات وانەیەکی لەبیر نەکراو بوو بۆ هەموو ئەو کەسانەی وا لە سنووری دەسەڵاتداری ساسانیەکاندا دەژیان کە ئەگەر بیر لە گۆڕینی ڕەوشەکە بکەنەوە بە فتوای موپتەکان "گوژەستە" واتە نەحلەتی یان "ملعون" دەبن و سزای نەحلەتیەکان کوژرانە. بۆ وێنە لە شەوێکدا دوازدەهەزار مرۆڤی لایەنگری مەزدەک بە زیندوویی سەریان لە قوڕدا چەقاندن و کوژران. مەزدەک لە کوردانی ماد و شاگردی زەردەشتی خۆڕیان مەشهوور بە زەردەشتی دووهەم بوو.

خوڕیان بەواتای ڕوباری ڕووناک هاتووە. زەردەشتی دووهەم ساڵانێک لە بیزانس ژیابوو موتاڵای لە سەر بیرو بڕوای مەسیحیەت وفەلسەفەی یۆنانی قەدیم و ئەندێشەی ئەفلاتون کردبوو. لە ڕووم بە "پۆندوس" ناوبانگی هەبوو، پاشان هاتبووە بابل و بانگەوازی بیر و بڕوای خۆی دەکرد. زەردەشتی خۆریان بیری لە چاکسازی ئابووری دەکردەوە.

پۆندو یان پەندوک بە واتای زاناهاتووە.

مەزدەک ئەو بیرۆکانەی بە کرداری و بە کردەوەیی دابەزاند و خەڵکێکی زۆر لایەنگری بوون. مەزدەک بڕوای بە خێر و شەڕی هەتاهەتایی بوو، بڕوای بە سەرکەوتنی هەتاهەتایی ڕووناکی بە سەر تاریکاییدا بوو (گەڕانەوەی میترا و سەرکەوتنی هەتاهەتایی ڕووناکی بەسەر تاریکاییدا). هەروەها خۆی و شوێنکەوتووەکانی پارێزیان لە خواردنی گۆشت وگۆشتەمەنی دەکرد و "ڕووەک خۆر" یان

"کاڵخۆر" بوون و بڕوایان بەوە بوو ئەوەی خودا لە زەویدا ئافراندوویەتی دەبێ بە یەکسانی لە نێوان خەڵک دا دابەش بکرێت بەڵام کەسانێ پەیدا بوون کە ستەمیان کرد و بەشی خەڵکی دیکەیان هەڵگرتەوە بۆخۆیان بۆیە دەبێ لەوان بستێندرێتەوە و بدرێتەوە بە نەداراکان.

چیرۆکی مانی بەقەد سەرەنجامی مەزدەک ناخۆش و تاڵ بوو. مانی نیگارکێش ونووسەر،"کوڕی پاتاک بوو. دایکیشی ناوی مەیرۆگ یان مێرگ کویزەرانی لە ڕەگەزی خەسرەوانی ئەشکەنە (اشکانی) بوو. مانی بە ڕێچکەی باوکی واتە سۆفیگەری دا ڕۆییشت. سۆفی یان سۆفیا بە واتای زانایی هەتاهەتاییە. مانی وا بیری دەکردەوە زانایی نوورێکە و کەوتوەتە نغرۆیی تاریکاییەکان و دەبێ یارمەتی بدرێ تاکوو لە تاریکایی بێتە دەرەوە. مانی بڕوای بە سمسارا یان تناسخ واتە دەونادون بوو. هەروەها خۆی بە ئامۆژگارواتە پیەغەمەری ڕۆشنایی و نوور پێناسە دەکرد،لەبەر ئەوەی ئامۆژگاریەکانی دەنووسی و بە زمانی کوردی کۆن "زەند" یان تفسیر و شیکردنەوەی بۆ دەکرد بە زەندیک مەشهوور بوو، هەروەها لایەنگرانەکەشی بە "دینەوەر" ناوبانگیان دەرکردبوو. مانی چەند پەرتووکی وەک گەنجی زیندەگان، ڕازان و ئارتهەنگ (کۆمەڵگەی دادپەروەر) نووسیوە. مانی زمانی ئارامی ڕۆژهەڵاتی دەزانی. ئارامی زمانی کوردانی کۆنە وزمانی سۆفیەکان بوو هێما و ئەلفوبێی ئارامی هەر لە کۆنەوە هەتا ئەم ڕۆژەش کە ئەم بابەتە دەنووسرێت زمانی نووسینی دۆعا و وێرد و نووشتەی سۆفیەکانە و هیچ ئایینێک نەیتوانیوە ئەم زمانە و لانی کەم ڕێزمانی ئارامی لە ناو ببات. هەروەها زمانی سریانی کە زمانی پیرۆزی زەند یان تەفسیرکردنی سۆفیەکان بوو هەر لە کۆنەوە کوردەکانی مێزۆپۆتامیا و ئازەربایجان نووسراوە ئەستێرەوانیەکان و ئامۆژگارییە فەلسەفیەکانیان بە سریانی دەنووسی.سریانی زمانی نووسینی پتان واتە سەروەرانی پیرۆزی میترایی لە مەزرابۆتان (باکوور-ڕۆژاوای کوردستان) وزمانی نووسینی مەدان واتە وتارخوێنەکان یان هەمان مۆغانی میترایی لە ئازەربایجانی کوردیی (ڕۆژهەڵاتی کوردستان) دا بوو. سۆفیەکانی بابل و شارەزوور (باشووری کوردستان) بە هەمان دەستوور زمانی ئارامی یان بەکاردەهێنا بۆ وێنە تۆمارەکانی هەورامان بە کوردی ئارامی نووسراون. (لەم تۆمارانەدا گرێبەستی کڕین و فرۆشتنی چەند پارچە زەوی و ڕەز و باخ نووسراون. هی سەدەی یەکەمی پێش زایینن).

ئایینی مانی ڕەنگدانەوەی لە سەر ئایینی ئیسلام و مەسیحی هەبوو لە بەر ئەوەی ڕێبازێکی سۆفیگەری بوو کە بە شێوازێکی سانا و ساکار خۆی دەگێڕایەوە و لە کوردستان و بابل ومسر، تورکستان و چین دا برەوی پەیدا کرد. بەڵام دوژمنی زۆری هەبوو زەردەشتیەکان بەهرام شای ساسانی یان خستە ژێر زەختەوە و ئەویش بڕیاری کوشتنی مانی دا. مەسیحیەکان بە کافریان لەقەڵەمدا و ئیسلام دینەوەریەکانی بە زندیق پێناسە کرد.لە بەر ئەوەی دینەوەریەکان ئاژەڵ کوشتن بەلایانەوە ناڕەوا بوو بۆ تاقی کردنەوەی

لایەنگرانی مانی لە سەردەمی عەباسی دا بڕیار درا هەرکەس سەری کەڵەشێرنەبڕێ زندیق واتە زەندیک و دینەوەرە و دەکوژرێت. هەر کەس کەڵەشێری نەدەکوشت دەردەکەوت دینەوەرە و دەکوژرا. هەروەک پێشتر باس کرا میترابیەکان کەڵەشێر (خۆرئوژ)یان خۆش دەویست چونکە بانگدەری نوور و ڕووناکییە و کوشتنی کەڵەشێر بەلایانەوە حەرام بوو. مانی لە سەدەی دووهەمی زایینیدا کوژرا و لایەنگرانیشی کەوتنە بەر شاڵاوی پاکتاو کردن،بەڵام کەسانێکی بەناوبانگ شوێنکەوتووی ئەم ئایینە بوون وەک زەکەریای ڕازی، مەنسووری هەلاج، ڕۆژبەیان ی دادوەی ناسراوبە "ابن مقفع" وهەروەها سەرگەورەی دینەورەکانی کوردستان "شادوەرمز".

کاتێ سوپای غازیە موسڵمانەکان پەلاماری وڵاتی ساسانیان دا، کوردەکان بە گوێرەی فەرهەنگی ئاشتی پەروەرانەی چەندهەزارساڵەی سۆفیگەرییەوە خەڵکێکی بڕوامەند بە ئاشتی و پەیمان بوون لە لایێکی دیکەوە خەڵک لە ساسانیەکان ماندوو ببوون. خەڵک شەڕی پینەدەکرا،ئەگەر بیانکردایە بۆ خۆیان دەکرد نەک بۆ ساسانیەکان.غازییەکان بە وشەی صلح واتە ئاشتییەوە هاتن ولەگەڵ کوردەکان بڕیاریان مۆر کرد بەڵام بە کردەوە دژ بە پەیمانی ئاشتی مۆرکراوی خۆیان هەڵسوکەوتیان کرد و لە هەر دەرفەتێک بۆ پاکتاو کردنی کوردەکان کەڵکیان وەرگرت.

ڕاستە! کوردستان مێژوویێکی دوورودرێژی لە شەڕی ئایینیداهەیە، شەڕی سپینتە و ئەنگەرە، شەڕی ئەهورە مەزدا و ئەهرێمەنە، شەڕی ئیزەدان وئەمشاسپەندان لەگەڵ دێوان، شەڕی ڕووناکیی و تاریکیی، شەڕی چاکە و خراپە. شەڕە ئایینیەکان لە خاکی ئەودا کراوە بەڵام خۆی بکەری شەڕ نەبووە بۆ وێنە خەسرەوانی ساسانی بە نوێنەرایەتی ئایینی زەردەشتی لە گەڵ جوولەکەکان، مەسیحیەکان، میترابیەکان، دینەوەریەکان، بەدینەکان و بودابیەکان شەڕیان کردوە، بەڵام ئەوان نوێنەرایەتی کوردەکانیان نەکردوە ساسانیەکان کوردەکانیان بە کەمترلە خۆیان پێناسە دەکرد بۆ وێنە "نەوشیروان خەسرەو"فەرمانڕەوای ساسانی لەگەڵ "هوتانشا" فەرمانڕەوای کرماشان و گۆران لەسەر درووست بوونی ناکۆکی ئایینی شەڕێکی یەکجار گەورەی دەست پێ کرد و خەڵکێکی زۆری لە کوردستان کوشت. هوتانشا بڕوای بە ئایینی دینەوەری بوو. نەوشیروان شا دوژمنی پلە یەکەمی دینەوەرەکان و بەدینەکان بوو.سوپایێکی گەورەی هێنایە سەر کوردانی گۆران وسۆفییەکی زۆری لە دینەوەریەکان و مەزدەکیەکان لە کرماشان کوشت.

کولتوری کوردایەتی و خاکی کوردستان شانازی بە خۆیەوە دەکات کانگە و لانکەی حەوانەوەی ئایینەکان و پێکەوە ژیانی لایەنگرانی هەموو ئایینێک بووە. بۆ وێنە تەلمود پەرتووکی دووهەمی

جوولەکەکان لە کوردستاندا نووسراوە و کۆنترین پەرستگەی فلاکان وکۆنترین قورئانی موسڵمانەکان لە کوردستاندایە. زەردەشت کوردە و مەزداپەرستی لە کوردستان سەری هەڵداوە هەروەها مەزدەک و مانی کوردستانین و ئایینەکەیان لە کوردستان برەوی تەواوی هەبووە.یان مەندابیگەری وسۆفیگەری خدر، سۆفیگەری ئیلیا، سۆفیگەری نۆ،پەرهام،شیت و هەنوخ (نوح، ابراهیم، شیث، خنوخ) کە ڕەگەزی لە ویژدان و ناخ وهزری مرۆڤی کورددا مانای هەیە و ئەوڕاستیەیە دەدرکێنێ: چیروانۆکی نوور و تاریکی و دادوەری و زوروانی بێکۆتایی زۆر زیاتر لەوەی بیری لێدەکرێتەوە لەم خاکە دێرینەدا مێژووی هەیە و نەک "اساطیرالاولین" ئەفسانە نیە بە پێچەوانەوە لە دەسپێکی "ازل" ەوە هاتوە و هەتا کۆتایی" ابد" درێژەی هەیە ئەگەر وا نەبێ تاریکپەرستەکان ئاڵای ڕەش هەڵنادەن بۆ مرۆڤکوژتن وخراپەکاری بەو مەبەستەی "ڕزگاردەری هەتاهەتایی" زووتر بگەڕێتەوە بۆ ئەم دنیا و دادپەروەی بچەسپێنێ. یارمەتیدانی "ڕزگاریبەخش و ڕستیاری هەتاهەتایی" تەنیا بە کردەوەی چاک وڕاستبێژی و زانایی دەکرێت نەک بە پەرەپێدانی پیسی و چەپەڵی بۆ ئەوەی"ڕستیاری هەتاهەتایی" تووڕە ببێت و کاتی گەڕانەوەی بۆ ئەم دنیا پێش بخات وزووتر بگەڕێتەوە بۆجیهان. ڕەفتاری دادپەروەرانە بەستێنی گەڕانەوەی دادوەری گەورەی زوروان (خودا) دەڕەخسێنێ. ئەو دادوەرە گەورەی خودا واتە"سوشیانت" کاتێ دەگەڕێتەوە کە هێما ڕەشەکان لە ڕوخسار و سەر و مێشک و دەرک و دەروازە و دیوارو گرد وگۆڕو گۆڕەپانەکان دابگیرێنە خوارەوە وئومێد و ڕۆچنە بۆ دڵخۆش بوونی ڕستیاری هەتاهەتایی درووست ببێ و بگەڕێتەوە تاکوو دادپەروەری بچەسپێنێ.

١ جونی ٢٠١٦

لە باشووری کوردستان، یارسانەکان یان گۆرانەکان کە بە "کاکەیی" ناوبانگیان دەرکردوە، ئازاری زۆر و ئاپارتایدێکی هەمەلایەنەیان بینیوە. لە سەردەمی دەسەڵاتی حێزبی بەعسی عەرەبی بە سەرۆکایەتی سەدام حسێن لە عێراقدا کاکەییەکان تووشی نەهامەتییەکی زۆر هاتن.

گوندەکانیان لە ناوچەی گەرمیان کاول کرا و خەڵکێکی زۆریان پاکتاو کردن و تووشی ڕاگواستن و پرۆسەی جێنۆسایدی ئەنفالی ڕسوا و بەدناو هاتن و سەدان کەسیان بێ سەرو شوێن کران. لە عێراق و ئێران دا بە هیچ جۆرێ مافێک وەک ئایینێکی سەربەخۆ یان بە فەرمی ناساندنیان لە یاسای بنەڕەتی ئەم وڵاتانەدا ڕەچاو نەکراوە، هەر بۆیە لە پارلمانی ئەم دوو وڵاتەدا نوێنەری سەربەخۆیان نیە، تەنانەت لە پارلیمانی باشووری کوردستانیشدا بێ نوێنەرن. دیارە هۆکاری سەرەکی ئەم ڕەوشە ناشیرینەش بەدەر لە یاسا ئیسلامیەکان، کەمتەرخەمی لایەنی بەرپرسیاری یارسانی لە ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستانە.

بۆ وێنە لە سەردەمی سەدام حسێن دا هەندێ لە بڕیاردەرانی کاکەیی لە بەر ئەوەی خۆیان و کاکەیەکان لە شاڵاوی نەمان و پاکتاو ڕزگار بکەن ڕایانگەیاند ئەوان ئایینێکی سەربەخۆ نین و بەشێکن لە شێعە. ڕاستە لەسەردەمی عەلی کوڕی ئەبیتالبدا کوردەکان بەو واتا سیمبۆلیکە وا پێشتر گوترا شێعە بوون، بەڵام نەک هەتا ئەو ڕادەی تاکوو یارسانەکان ببن بەشێک لە شێعە دوازدە ئیمامیەکان..

ئێستا ئەم خێرخوازییە بووە بە دارو لە هەموو لایێکەوە دەیکوتن بە سەر مافە کۆمەڵایەتیەکانی ئەم کۆمەڵە خەڵکە کوردە لە عێراقدا و دیارە لە باشووری کوردستانیشدا. لە ئێرانیشدا بە هۆی توند بوونی هەڵسوکەوتی دەوڵەتە شێعەکان لەگەڵ ناموسڵمانەکان و موسڵمانانی ناشێعە هەمان دروشمی خێرخوازانە لە هەر دوو دینی کردوون! وە خاوەنی هیچ مافێکی کۆمەڵایەتیش نین و تەنانەت لە لایەن دەوڵەتی شێعەی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە بە 'فرقە ضالە' واتە "گرووپی گۆمڕا" پێناسە دەکرێن.

بۆ ئەوەی دەنگدانەوەی زیاتری ئەم ستەمکارییە ببێت بە هۆی پاشەکشێی ئەو نایەکسانییە، هەموو ڕێکارێکی سیڤیل و ئاشتیخوازانە دەبێ بگیردرێتە پێش. لەوانە لەقاودانەوەی ئەم ستەمکاریەی ئێران یان مەجبوور کردنی دەوڵەتی عێراق لە ڕێگەی تەبلیغات و پڕۆپاگەندە و بەرپاکردنی کەمپەینی پشتگری لە یارسان و پەنا بردن بۆ کۆمیتەی خەڵاتی ئاشتی نۆبێل، کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤ سەربە نەتەوە یەکگرتوەکان، ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ، ڕێکخراوی لێبوردەیی نێونەتەوەیی، کەسایەتی سێکرێتێری گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان، ڕێکخراوی یونێسکۆ کە ئەرکی پاراستنی کولتورە جیاوازەکانی لە ئەستۆ گرتوە، هەروەها یەکێتی ئەوروپا.لەسەروی ئەمانەشەوە ڕاپەڕینی هزریی و فکریی گەلی کوردە و پاشان یەکگرتوویی وتار و کرداری نەتەوەیی کوردی لە هەمبەر تاوانی پاکتاو کردنی فەرهەنگی و فیزیکیی کۆمەڵەی کۆردانی یارسانە وا بەشێکی دانەبڕاون لە کۆمەڵگەی کوردستان و نەتەوەی کورد.

جیاوازی مەزهەب، کوردەکانی لەیەک دانەبڕیوە، چ شێعە،سوننی، جوولەکە یان یارسانی و مەسیحی واتە فلا و ئێزدی و گاور بووبێتن ئەوان پێکەوە ژیاون و ئازادی ئایین و مەزهەب لەناو کوردااندا هەبووە،ڕاز و هۆکاری سەرەکیی مانەوەی کۆمەڵگەی کوردی لە کۆنەوە هەتا ئێستا لە قەبووڵ کردنی یەکتردا بووە و تەنانەت ئیسلام لە ناو کورددا مەجبوور کراوە ئایینەکانی دیکە قەبووڵ بکات، بە پێچەوانەی تورکانی شێعە لە ئازەربایجان و تورکانی سوننی لە ئاناتۆلی، فارسە شێعەکان و عەرەبە شێعە و سوننەکان و ئەرمەنە مەسیحیەکان کە لە دەرفەتە جۆراوجۆرەکاندا دەستیان نەپاراستوە لە شەڕ و بارگرژی ئایینی و مەزهەبیدا.

پێویستە بگوترێ هۆکاری نووسینی مێژووی سۆفیگەری وەک پێشەکییەک بوو بە مەبەستی ناساندنی سەرچاوەی بیرۆکەیی و هزرمەندی ئایینی یارسان و جیاوازبوونی لەگەڵ ئیسلامدا. لەبەر ئەوەی چەند تەریقەتی سۆفیگەری ئیسلامی هەبوونیان هەیە وەک قادری، نەخشبەندی، سەفیعەلیشایی و نێعمەتوڵایی و... بەڵام موسڵمانن و لە تینیشت ئەوەی لە تەکیە و خانەقاکانیاندا دۆعا و پاڕانەوە لە لای خودا دەکەن دەچنە مزگەوت و نوێژی ڕۆژانەش دەکەن و بڕوایان بە قورئان هەیە بەڵام یارسانەکان ناچنە مزگەوت و هەروەها تەکیە و خانەقاشیان نیە و تەمووەی کوردیش بەکار دێنن بۆ سەما و زکرو وێردخوێندنیان، ئەوە لە کاتێکدایە مۆسیقا لە ئیسلامدا حەرامە... کاکەییەکان بڕوایان بە پیەغەمەرایەتی محەمەد نیە و کەڵەشێر ناکوژن و بڕوایان بە هامزا،هامسا، یان ئەمشاسپەند هەیە.

ئیسلام بڕوای بە جیلوە بوونی محەمەد، یان خولەفای ڕاشدین نیە، شێعەکان هەتا ڕادەی معصوم بوونی دوازدە ئیمامەکەیان هەنگاویان هەڵێناوە و ئەمەش پێشەکییە بۆ ئەوەی دوازدە ئیمامەکەیان بگەیێنە ڕادەی ئیزەدەکان و ئەمشاسپینتان. لەبەر ئەوەی عصمت یان دوور بوون لە پیسی جەستە و ڕۆح پێناسەی ئیزەدەکان و ئەمشاسپینتەکانە... بەڵام ئەوەی لە کردەوەدا دەیبینین ئەم مەزهەبە هەوڵ بۆ چاکسازی کۆمەڵایەتی ویارمەتیدانی ئەمشاسپینتەکان و ئیزەدەکانی خودا نادات بۆ ئەوەی "ڕەستیاری هەتاهەتایی" بگەڕێتەوە بۆ جیهان تاکوو دادپەروەری بچەسپێنێ.

شێعەکان بڕوایان وایە ڕەستیارەکەیان ناوی محەمەد کوڕی حەسەن عەسکەرییە و نازناوی مەهدی یە ومەهدی لەدایک بووە و ڕۆییشتوە بۆ جیهانی نادیارو لە کۆتایی زەماندا دەگەڕێتەوە و لایەنگرانی ئەم ئایینە دەبێ بەستێن خۆش بکەن بۆ گەڕانەوەی مەهدی ئەوەش بەوە دەکرێ کە نابێ ئەم جیهانە خۆش و ئارام و هێدی بێ چونکە ڕزگاریبەخش یان ڕەستیاری هەتاهەتایی لە کاتێکدا دەگەڕێتەوە کە دنیا بە هۆی خراپەکارییەوە پیس وتاریک ببێ و، مەهدی مەجبوور ببێ بگەڕێتەوە بۆ ئەم جیهانە و شەڕ دژ بە خراپە دەست پێبکات.

لەلایێکی دیکەوە سوننەکان دەڵێن "ڕەستیاری هەتاهەتایی" ناوی عەبدوڵا کوڕی محەمەدە و هێشتا لە دایک نەبووە. ئەو لە کاتی کۆتایی هاتنی ئەم جیهانەدا لە دایک دەبێت و لە مەککە پایتەختی مەعنەوی ئایینی ئیسلامدا سەر هەڵدەدات و شەڕ بۆ دادپەروەری دەکات... سوننەکان بڕوایان بە جیلوەی خودا و ئەمشاسپەند نیە و دەڵێن خودا سەرچاوەی نوورو ڕۆشناییە و مرۆڤ تەنیا ڕۆحە و جەستەی لە خاکدا بۆ درووست کراوە وشەیتان کار بۆ بەلاڕێدا بردنی ڕۆحی ئینسان دەکات لە ڕێگەی خەڵەتاندنی هزر و هۆشیاری مرۆڤەوە بە هەڵگرساندنی ئاگری ئاواتە سووکباییەکانی وەک خواردن و خواردنەوە و سێکس...

دادپەروەری لەم دنیادا بەدێ نایێ و ڕۆح لە دوای مردنی جەستە چاوەڕێی دادگایی کردن دەبێ تاکوو خێر و شەڕی هەڵدەسەنگێندرێ و محەمەد تکاکارە لە لای خودا بۆ ئەوەی موسڵمانەکان بچنە بەهەشت. بەهەشت شوێنێکە ئاوەدان و باخێکی بەرینە و پڕە لە خۆشی و کامەرانی و خواردنەوەی مەی و ئەنجامدانی سێکسی فرە و فراوان حەرام نیە و هەتاهەتایە وادەبێ. دیارە شێعەکانیش بڕوایان بەم ئامۆژگارییە هەیە و ئافراندن و کۆتایی مرۆڤ وا پێناسە دەکەن.
جیاوازی ئیسلام لەگەڵ ئایینەکانی دیکە لە جۆری وەرگێڕانی چیرۆکی ڕۆحدایە. ئیسلام لە دنیای مەعنەویشدا باسی چێژوەرگرتنە دنیاییەکانی ڕۆح دەکات، بەڵام لە هەموو ئایینەکاندا دوای مردن،ڕۆحی

مرۆڤ دەگەڕێتەوە بۆ لای خودا و پەیوەست دەبێتەوە بە سەرچاوەی ژیان واتە خودا یان ئافرێنەرو چێژوەرگرتن مانای نامێنێ کاتێ ڕۆح نوورێکە و دەچێتەوە بۆناو قوڵایی سەرچاوەی نوور واتە خودا.خودا یان زوروان کە ئافرێنەر و دەسپێکەر و کۆتاییهێنەرە بەڵام خۆی بێ کۆتایی و هەتاهەتاییە.

٨ جونی ٢٠١٦